www.kurdistannet.org
29-5-2006 19:38بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## لەپیاسەیەکی ئەرخەوانی دا جەنەراڵی پایز لەسەر مردن ئەدوا.... ئامانج عەبدوڵا سوور

ئەگەر پزیشکێك پێی وتم تۆ تەنها شەش کاتژمێرت لەم ژیانە جەنجاڵە ماوە رێك خۆم فریای نوێترین بەرهەمم دەخەم تا کۆتای پی بێنم.... ئیسحاق عەزیمۆف

دوێنی لەپیاسەی ئێوارەیەکی ئەرخەوانی دا لەگەڵ شاعیری خەمە زەردەکان وزمانی پایز وخاوەنی کاسکێت وپاڵتۆی زستانی رابردوو (محمدعمر عوسمان) بەهەناسەی ئەو وەرزەی تا جەنەراڵەکەی باسی نەکرد کەسێك درکی بەرەنگی پرتەقاڵی ناو ئەو وەرزەنەکرد بەگیانی لێوان لێو لە لێبوردەیی وستاتیکای روخساری بەدەم گوی گرتن لە نوێترین بەرهەمی عەدنان کەریمی هونەرمەند ئەو هاتە دواندن بەڵام چۆن لەتورەیی دا جوانە ئاوێزان بەگیانی فەنابونەکەی حەلاج لەبەر خۆیەوە ئەیوت ئەمێستا چەندین فریشتە بەدەوری سەرماندا هەڵئەسورێن، زۆر لەدێرەکانی ئەم هۆنراوەیەی (شێخ نوری شێخ ساڵح) کە کراوەتە گۆرانی ئەمباتەوە سەر سفرەی مەرگ وخۆکوشتن چما دەمارەکانی سنەوبەری مێشکی دەیجوڵاند هەموو ئەودەمارانەی هێز دایە بەری وئەفسونەی هۆنراوەی جەنراڵی پایز ولەغوربەتای لی زایند بوو...
ئەو باسی لەو نامە ئەرخەوانیانە ئەکرد کە مناڵانی ئەم دەڤەرەبۆ خواوەندی ئەنوسن خودایە فانۆسێکم بدەری ئەفسوناویی تا چەرخی گەردوون بەئارەزووی دڵم وەرچەرخی ولەسێبەری گوڵزارە سیاسەتمەداران فێری دانوستان بکەم، من لەبەر خۆمەوە بەزمانی ئەو مناڵانەوە نزام ئەکر خودایە با بەچاوی ئەو مناڵەوە دنیا ببینم تا بزانم شەفەقی هەسارەیەك واتای چی یە؟خودایە بمبە بۆ ئاسمان تالەگەڵ شعێرکی جەنەراڵی دا ئاسمان تەی بکەم بڵێی ئێستا شەوان ئەویش سەرمای نەبی؟
ئێوارەبوونە گڤەی با دەهات ونەگەڵاکانیش سەرچۆپیان گرت شارێك راوەستابوو بەدیار هەناسەیەکەوە کەنادرێتەوە، ئێوارەیەك پربوو لەنزا بەرەوگەرانەوە بەرەو بوون، ئێوارەیەك کە پێکەوە زۆر ئەترساین لەسیلەی گۆڵانێکا هەناسەکەی دوێنی خۆیمان لی بشارێتەوە ودڵیشمان ببێتە پارچە سەهۆڵێك بەبەر کزەی ئێوارەوە، ئەو وەك رۆژانی تر نەبوو تابلۆیەکی کێشابوو گوزارەی لە وەرزی مەرگ ئەکرد چەند عەودالڵ بووین بەدوای زمانی گوزارەوە زمانێك دوور لە ستایش پر لە دواندن، ئەو ئێوارەیە باڵندەکان ئەیانخوێند نەك بۆ ئەوەی پانتاییەك بگرنە خۆ بەڵکۆ بۆ ئەوەی دۆستی نوی بۆ خۆیان بگرن، بمان بەنەوە بەرەو ئارامی ئەو ئێوارەیە کە باوەر ناکەم بگەرێتەوە!!!!ئاخر هەموومان لەژێر سێبەری مەرگا ئەژین ئەمە چ ژیانێکە پربووە لەنەفرەت حەزئەکەم بچمە ئەودیوو منیش...